شیعر



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

# پەپوولەی نووستووی بەرباران

١

دەمەوێت ببمە

پەپوولەیەکی نووستویی بەرباران و

هێلانەیەک بۆ خۆم چێ کەم

هێلانەیەک نە دەستەمۆی

دەستی پیاو و، نەپەلەپیتکەی

تفەنگێکی دەستی راوچی بیگاتێ



٢

زۆر کات بووە

گۆرانی  بە نەشئەی خەیاڵی

دڵی خۆمدا دەڵێم

تاکو ئاسوودەیی بداتە جەستەم و

دوورکەومەوە لە ژاوەژاوی ئەم زەمەنە

٣

تەمەنی پەپوولە زۆر کورتە
تەمەنی ئێمەش پڕ لە درۆ
بۆیە هەندێک جار بە دەم وەنەوزیی خەوەوە
فرمێسک دەڕێژم بۆ تەمەنێک کە نەمانتوانی
بە کامی دڵ بینووسینەوە



٤

چ عاشقێک هەیە جەستەی پاکی
بە وشەی ناحەزان بریندار نەکرابێ
چ عاشقێک هەیە سەربردەی خۆی
لە نێو دووتوێی
لاپەڵەکانی مێشکیدا
بە خەمەوە هەڵ نەگرتبێ

٥

کاتێک مەرگی پەپوولەیەک دەبینم
لەسەر گەڵای درەختێک بێگوناە
کەوتووە
سبەینێ دەکەمە بێدەنگی و
بە رووی ئاوێنەیەکدا
رووگەی تەڵخی خۆم دەبینم

٦

زەمەنی ئێمە چەندەها بیرەوەری
کۆن و نوێی تێدایە

بیرەوەری شەڕی ناوەخۆ
شەهیدکردنی چەندەها لاو
رژانی فرمێسکی دایکی
جەرگ هەڵقرچاو
سەفەر و فرمێسکی عاشق
جەستەی شەلاڵ بووی کۆتر
هەموو ئەمانە
توێشووی سەفەرێکی سەختی
زەمەنی ئێمە



٧

لە نێو جەستەی شەتەکدراوی
ئەم زەمەنەدا پێ دەکەنم
کاتێک دەبینم
تروسکایی تێدا نییە بۆ بینین
کاتێکیش چیرۆکی ئێمە دەست پێ دەکات
کە تفەنگ ببێتە دادوەر

٨

زەمەنی ئێمە چوار وەرزی ساڵ
بە خێرایی دێت و دەڕوا
دەڕوا تروسکاییەکی تێدا نییە
هەگبەیەکە پڕ لە خەم
وەرزێکی تێدا نییە بۆ بارین
کە لێوی وشکەوبوومان تەڕکا

چەند ناشیرینە نەبینی
گوێت لە گمەی کۆترێک و
جریوەی بەیانیانی چۆلەکە بێ

٩

ئای زەمەنی بێ بەزەیی
چەند دڵڕەقی
کاتێک دەبیتە مۆتەکە و
بیرناکەیتەوە لە ئومێد و
تریفەی مانگ و
مەرگی پەپوولە و
وەرینی گەڵا



١٠

ئێستا نیشتیمانی ئێمە
وەک خواردنەوەی پیاڵەیەک ژەهر وایە
تاڵترە لە پێکێک مەی
ژەهری دووبەرەکی و کوشتنی یەکتر

١١

من دەزانم خەمی هەمیشەییم
مردنێکە پاک
وەک هاژە و خوڕەی رووبارێک وایە
کە بمگەیێنێتە
دەستی قەدەر
وەک مژینی شیلەی گوڵێک وایە

دوورمان خاتەوە لە دۆزەخ و
بمانگەیێنێتە دوا مەنزڵ

١٢
ئای نیشتمان چەندە جوان بووی
سەرەتا بە بەرگی سەوز و
ئێستا بە بەرگی زەرد و
سبەی بە چەندەها بەرگ
رەنگ و رووت دەگۆڕن
بۆیە نیشتمانە شیرینەکەم
بەهەر کوێیەکدا دەگەڕێم
تۆیان لێ کردووینەتە وەهەم و
ئێمەشیان بە غەریبی بەخشی

